# ئیدریس بارزانی پێش 30 ساڵ ، بۆ ئەمڕۆ خەباتی دەکرد

2013/07/29

**لیزا فلك الدین کاکەیی**

1983 ئەوکات هێشتا نەك تەنیا هەر من بەڵکو زۆربە ، زۆری خوێنەری ئەم بابەتەم، کەوا ئەمڕۆ گەنجی ئەم وڵاتەن لەدایك نەببوون و بوونیان نەبوو ، کەچی پێشمەرگە چاونەترسەکانی کورد خە یکی ئازادکردنی خاکێك بوون کەهێشتا ناونەنرابوو کوردستان . لەلایەکی ترەوە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردی لەهەرچوار پارچە خەریکی بەستنی ڕێککەوتنی گرنگ بوون ، تاوەکو لە دواڕۆژدا ببێتە بناغەیەك بۆ یەکگرتنەوەی کوردانی هەرچوار پارچە و نەوەکانی کورد بێبەش نەبن لە بوونی وولاتێکی سەربەخۆ .

یەکێك لەو سەرکردە تێکۆشەرە و خەباتگێرە کاکە ادریسی جوانەمەرگ بوو...

لە بەرواری 22-7-2013 ڕابەری PKKعبد الله ئۆجەلان لە ڕێگای شاندی (BDP)ەوە لە ئیمرالیەوە پەیامێکی ئاراستەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرد ، لە پەیامەکەیدا باسی گرنگی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی کورد کرد .

بەشێك لە دەقی پەیامەکەی ئۆجەلان بەم شێوەیە بوو :

" ڵاوی خۆم ئاراستەی مسعود بارزانی و جلال تالەبانی هەروەها نێچیرڤان بارزانی دەکەم . لەسەرەتادا من لەگەڵ باوکی نێچیرڤان بارزانی ( ادریس بارزانی ) پەیوەندیم هەبووە و کارم کردووە ، ئێمە پرۆتۆکۆلێکی 11 خاڵیمان واژووکردووە ، ادریس بارزانی بەکەسێکی بەتوانا دەخەملێنم و کارەکانی جێگای شانازیین " .

ئەم پرۆتۆکۆلە لە ساڵی 1983 لەیەکەم دیداری ادریس بارزانی و ئۆجەلان لە شامی پایتەختی ڵاتی سوریا واژووکرا ، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی هەردوولا کە یەکێك لەوانە فلك الدین کاکەیی بوو ئەو کات ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو . شایانی باسە زۆربەی شاهێدانی ئەم پرۆتۆکۆلە ئێستا لەژیان نەماون. ئەم پرۆتۆکۆلە نهێنی بوو بەناوی هەردوو لایەنەکانی PDK و PKK واژوو کرا .

ادریس بارزانی گرنگییەکی زۆری دەدا بەپرسی کورد لەهەرچوار پارچە بەتایبەتیش باکوری کوردستان ، چونکە دەیزانی ڕێککەوتن لەگەڵیان کلیلی دەرگای سەرکەوتن و ئازادییە بۆ باشوری کوردستان.

واژووکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر ڕەوشی سیاسی ئەوکاتەوە نەبوو، هەتابگرە زۆربەی پارتە سیاسییەکانی کورد ئەم پرۆتۆکۆلەیان پشتگوێخست و بەشدارییان نەکرد ، چونکە پێیان وابوو واژووکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە هیچ سوودێکی بۆ پرسی کورد نییە سەرە ی ئاڵۆزی بارودۆخی ئەو کاتی گەلی کورد .

به م ئیدریس بارزانی و هه ناڵانی به ێ گوێدان بەبیرووبۆچوونی لایەنە کوردییەکانی ترەوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی گەلی کورد ئەم پرۆتۆکۆلەیان لەگەڵ ئۆجەلان واژوو کرد، چونکە دەیانزانی سەرەتایەکە بۆ یەکگرتنەوەی لایەنەکانی هەرچوارپارچە و بنیاتنانی بەردی بناغەی پێکەوە ژیانە لەژێر چەتری دیموکراسیەت...

له وای تێپەربوونی 30 ساڵ بەسەر واژووکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە ، لەکاتی ئەنجامدانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم و بەبەشداریکردنی 39 لایەنی سیاسی لەهەرچوارپارچەوە ، عبد الله ئۆجەلان سەرکردەی PKK بۆ پشتگیریکردن لەم کۆنگرەیە ، واژووکردنی ئەم پرۆتۆکۆلە گرنگەی پشت ڕاست کردەوە و بە رێککەوتنێکی سەرکەوتوو نرخاندی.

ئێمە وەکو گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانییەکانمان پێویستمان بەکەسانی وەکو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو هەیە ، کە بتوانێت پێشبینی لە ڕەوشی داهاتوو بکات و پریارەکانی ئە ڕۆی ببێتە بناغەی ئاشتی و سەرکەو ن و رێککەوتن لە داهاتوودا .بۆئەوەی یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نەوەکانی دواڕۆژ و ببێتە گەرەنتییەك بۆ سازانی نیشتیمانی .